له ساڵیادی کۆچی دوایی (ئەحمەد عەزیز) نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرزشوانی دیاری کوردستان

# وەرزشکارانی کوردستان بۆی بەداخ بوون















ساڵێك بە سەر کۆچی دوایی مامۆستا (ئەحمەد عەزیز) بەرپرسی فایلی وەرزشیی گۆڤاری گوڵان و ڕۆژنامەنوس و وەرزشوانی دیاری کوردستاندا تێدەپەڕێت، لەم ساڵیادەدا ژمارەیەك لە وەرزشوانانی شارەکانی کوردستان بۆچوونی خۆیان لەسەر کەسایەتیی ئەم وەرزشوانە دەربڕیوە، پاش ساڵێك لە کۆچی ناوادە، بەڵام ئەم وەرزشوانان یادەوەری و ئامۆژگارییەکانی لە نێو دڵی وەرزشکارانی کوردستاندا هەمیشە بە زیندوویی ماوەتەوە، مامۆستا ئەحمەد لە ساڵی ١٩٥٧لە شاری هەولێر لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٨٣ تا ڕۆژی کۆچکردنی لە کاروانی وەرزشی دانەبڕاوە، مامۆستا ئەحمەد لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٧ هاوڕێ لەگەڵ کوڕێك و هاوسەرەکەی بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل ماڵئاواییان لێ کردین و، هاوڕێ و ئازیزانیشی بەم جۆرە یادگاری و بیرەوەرییەکانی دەگێڕنەوە .

راپۆرتی کارزان کانەبی



محمود عەزیز برای خوالێخۆشبوو لە ساڵیادی کۆچی دوایی براکەیدا،بە هەناسەیەکی قووڵەوە گوتی: «مامۆستا ئەحمەد هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی وەرزشی هەبووە، بۆیە لە تیپەکانی ئیسکان و سەیداوە یاریی کردوە، ئەو هەر زوو حەز و ئارەزوویەکی زۆری لە ناوبژیوانیدا پەیدا کرد، ئەوە بوو بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٣ لە ژێر سەرپەرشتیی مامۆستای خوالێخۆشبوو (سەلاح محەمەد کەریم) بڕوانامەی پلە سێی ناوبژیوانیی تۆپی پێی لە سەر ئاستی عێراق وەرگرت، لە ساڵی ١٩٨٦ بڕوانامەی پلە یەکی عێراقی لە هەمان بواردا وەرگرت، چەندین ساڵ ناوبژیوانیی تۆپی پێی لە سەر ئاستی خولەکانی کوردستان وعێراقی بەڕێوە بردووە، بە شاهیدیی هەموو وەرزشکارانی کوردستان و عێراق مامۆستا ئەحمەد کەسێکی بوێر و چاونەترس بووە و، لە کاتی بەڕێوەبردنی یارییەکاندا و، بە تایبەتیش یارییە هەستیار و بەهێزەکان، زۆر بە دادپەروەرانە بڕیاری دەدا و کەسێکی لێهاتوو بوو لە بواری وەرزشدا، خەونی گەورەی ئەوە بوو کە ببێتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، بەڵام بەداخەوە ڕێگریی زۆری لێ دەکرا و نەیان هێشت خەونەکەی بێتە دی، هەموو برادەرانمان سەدان جار باسیان کردوە کە زوڵمێکی زۆری لێ کراوە و نەبووەتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، لە دوای وازهێنانی لە ناوبژیوانی ئەرکی سەرپەرشتیاریی یارییەکانی خولی عێراق و کوردستانی گرتە ئەستۆ، زۆر جار لێم دەپرسی چ شتێك، یا ڕووداوێك لە یادت ناچێت؟ بەبێ دوودڵی دەیگووت: «نەیانهێشت بڕوانامەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنم»، دوای ئەوەی کوڕە گەورەکەی کە ناوی (صفا)یە پێچەوانەی باوکی زۆر حەزی لە وەرزشیی پاسکیلسواری بوو، توانی بگاتە ئاستی هەڵبژاردەی عێراق و بەشداری لە پاڵەوانێتیی وڵاتانی عەرەبیدا کرد لە وڵاتی جەزائیر و توانی مەدالیای برۆنز بەدەست بهێنێت، کە زۆر دڵخۆشی کرد، کوڕەکەشی نەیتوانی درێژە بە یاریی پاسکیلسواری بدات، دووجار دوچاری ڕووداوی هاتوچۆ بوو، ماوەیەکە دوورکەوتۆتەوە، خوالێخۆشبوو زۆر پشتگیریی دەکرد، چونکە ڕاهێنەرەکانی دەیگوت دەبێتە یەکێك لە باشترین یاریزانی پاسکیلسواری، خەون و ئاواتی ئەوەبوو کە کوڕەکەی ببێتە یەکێك لە ئەستێرەکانی وەرزش».

محەمەد حەمە خان کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی کوردستان لەم بارەیەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «مامۆستا ئەحمەد پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆ و خاوەن کەسایەتییەکی بەزری وەرزشی بوو، لە نێو وەرزشکارانی کوردستان و عێراقدا هەمیشە جێگای ڕێزی هەموان بوو، لە نێو یاریگاش پیاوێکی هێمن بوو و، ئەرکی خۆی بە دڵسۆزی و دادپەروەری ڕادەپەڕاند و، هەمیشە لە خەمی وەرزشی کوردستان بوو، بۆ ئەوەی کاری باش بکرێت و وەرزش بەرەوپێش بچێت، ڕۆڵی کارای دەگێڕا لە

مەحموود عەزیز:

**خەونی گەورەی ئەوە بوو کە ببێتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، بەڵام بەداخەوە ڕێگریی زۆری لێ دەکرا**

محەمەد حەمە خان:

**ئەرکی خۆی بە دڵسۆزی و دادپەروەری ڕادەپەڕاند و، هەمیشە لە خەمی وەرزشی کوردستان بوو**

کوردستان زاهیر:

**فێری کردم لە پێناو خەڵکدا خۆم بکەم بە سووتەمەنی**

کاوە ئیبراهیم:

**لەدەستدانی ئەو ئازیزەمان زیانێکی زۆری بە شاری هەولێر و بواری وەرزشییەکەی گەیاند**

شێخ ئەحمەد عەبدوڵا:

**بەڕاستی کاک ئەحمەد کەسایەتییەک بوو کە دووبارە بوونەوەی زەحمەتە، هەمیشە لە یادماندا دەمێنێتەوە**





کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی خولی کوردستان و عێراقیدا، کە ئەو زۆر کات وەکو سەرپەرشتیار بوو لە یاریگاکاندا و هەوڵی دەدا زۆرترین ئامۆژگاری ناوبژیوانان بکات و یارییەکانیش بە هێمنی و دوور لە کێشە بەڕێوە بچێت، حەزی دەکرد وەرزش بگاتە لوتکە، ئامانجی خزمەت کردن بووە، بۆیە لەساڵیادا دەڵێم «درووود بۆ گیانی پاکی ئەم وەرزشوانە مەزنە».

کوردستان زاهیر ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانی عێراقی، لە ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا ئەحمەد عەزیزدا بەم جۆرە باسی یادەوەرییەکانی کرد: «من لە ناو دنیای وەرزشدا کەسێکی هێمن و وەرزشکارێکی باشم ناسی، یادگاریی زۆریشمان هەبوو، ڕۆژێك لە کاتی ناوبژیوانی یارییەکدا مامۆستا ئەحمەد سەپەرشتیار بوو، من هەڵەم کرد، مامۆستا ئەحمەد لە پێناوی مندا خۆی دا بە سزادان و، گوتی «خولەکە پێویستی بە تۆیە نەك من، چونکە ئەگەر تۆ سزا بدرێت، لە یارییەکانی داهاتوو ناوبژیوانمان کەم دەبێت»، بۆیە هەرگیز ئەو پەیامەی مامۆستا ئەحمەدم لە بیر ناچێ، چونکە فێری کردم لە پێناو خەڵکدا خۆم بکەمە سووتەمەنی، بۆیە ئەم هۆنراوە پێشکەشە بە ڕوحی مامۆستا ئازیزمان (مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە، ئەوەی بمێنی باقی هەر ناوە).

کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپارێز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە دەستدانی مامۆستا ئەحمەد کۆستێکی گەورە بووە، ئەوانە کۆمەڵە ناوبژیوانێکی باشەکانی کوردستان بوون، بە ڕاستی سەروەت و سامانێکی زۆر گەورە بوون بۆ وەرزشی شاری هەولێر، لە دەستدانی ئەو ئازیزەمان زیانێکی زۆری بە شاری هەولێر و بوارە وەرزشییەکەی گەیاندوە.

شێخ ئەحمەد عەبدوڵا ناوبژیوانی دیاری کوردستان و عێراق لە بارەی ساڵیادی کۆچی مامۆستا ئەحمەد، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەحمەد عەزیز ناوێکی دیار و درەوشاوەی کوردستان بوو، یەکێك بوو لە دۆستە نزیکەکانم، زۆربەی ڕۆژەکانی هەفتە بەیەکەوە بووین، کەسێکی دڵ ساف و خاوەن ڕەوشتێکی بەرز بووە، ناوبژیوانێکی لێهاتووی کوردستان و عێراق بوو، بەڵام بەداخەوە بواری وەرگرتنی باجی بە نێودەوڵەتی بوونی بۆ نەڕەخسا، هەمیشە هانی ئێمەی دەدا بۆ بەرەوپێشچوون و گرنگیدان بە بەهرەکانمان، هەمیشە دانیشتن و کۆبونەوەکانی پڕی بوون لە قسەی خێر و باش، لە دەستدانی بۆ من و هەوادارانی وەرزشی کۆستێکی زۆر گەورە بوو و، هەموو ئەو شوێنانەی کە من و ئەو بەیەکەوە بووین ئێستاش کە پێدا تێپەڕ دەبم، غەمبارم دەکات، بە ڕاستی کاك ئەحمەد کەسایەتییەك بوو لە ژیانی ئێمە دووبارە بوونەوەی زەحمەتە، هەمیشە لە یادماندا دەمێنێتەوە، جێگای بەهەشت بێت.

میهرەبان جەلال
یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی دەربەندیخان:

# بەرنامەی سەرەكیم بەدەستهێنانی بڕوانامەی دادوەریی تۆپی پێیە

قەزای دەربەندیخان سەر بە پارێزگای سلێمانی گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن، لە سەر هەردوو ئاستی كچان و كوڕان، تیپی باڵەی یانەی دەربەندیخانیش یەكێكە لە یانە بەهێزەكانی سەر ئاستی كوردستان و عێراق و، ساڵانە لەگەڵ كردنەوەی خولەكانی باڵە، بەردەوام لە كێبڕكێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕكردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەكانی كوردستان و عێراق، كچە یاریزان (میهرەبان جەلال) یەكێكە لە یاریزانە بەتواناكانی یانەكە و، لەدایكبووی ساڵی ١٩٩٨ی قەزای دەربەندیخان و قوتابیی كۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی زانكۆی هەڵەبجەیە، ئێمەش وەك گۆڤاری گوڵان لەنزیكەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ئەنجام دا.

**دیمانە: كارزان كانەبی**





***چۆن بوو ڕووت لە بواری وەرزش کرد؟**

-هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزش و هەموو جۆرە یارییەکی وەرزشی بووم، بەڵام حەزێکی زیاترم بۆ یاریی تۆپی باڵە هەبووە.

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان ؟**

-تاڕادەیەك باشترە لە ساڵانی پێشوو، بەڵام بەهۆی کەمیی پاڵەوانێتی و چالاکییەکان، هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست و، لایەنی پەیوەندیدار وەك پێویست هاوکار نەبووە، بۆیە بەرەوپێشچوونێکی کەم بەدی دەکرێت.

*** چی بکەین بۆ ئەوەی یاریی باڵە بچێتە قۆناخێکی باشتر؟**

-پێش هەموو شتێك هەبوونی ئەکادیمیای باش و کردنەوەی خول و هەلی ڕاهێنەرایەتی بۆ کەسانی شیاو بۆ ئەو جێگەیە و، زیاتر هاندانی یاریزان و ڕاهێنەرەکان لەلایەنی ماددی و مەعنەوی و کردنەوەی پاڵەوانێتی بۆ هەموو ئاستەکان.

*** ئایا کەمیی پاڵەوانێتی کاریگەری کردووەتە سەر ئێوەی یاریزان؟**

- بێگومان نەکردنەوەی پاڵەوانێتی هۆکاری سەرەکیی بێ هیوا بوونی یاریزان و ڕاهێنەر و هاندەرانی یارییەکەشە، لەبەر ئەوەی یاریزان و ڕاهێنەر مەشق و هەوڵدانەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە، نەکردنەوەی پاڵەوانێتی وا لە یاریزان دەکات کە تاڕادەیەك ساردبوونەوەی تێدا بەدی بکرێت.

*** گرفتی یاریی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

-نەبوونی پاڵەوانێتی و پشتگیری ماددی و مەعنەوی تیپ و یاریزانەکانە، بێگومان ئەمانە بە لایەنی پەیوەندیدارەوە بەستراوەتەوە، بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونی یارییەکە لە کوردستان، پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-پێش هەموو شتێك باوەڕ و متمانە بەخۆبوونی کچان و پشتگیری خێزان، ڕۆڵێکی سەرەکی بۆ ڕووکردنە ئەم یارییە و یارییەکانی دیکە لەلایەن کچانەوە هەیە، دواتر کۆمەڵگە، چونکە ئەو بارودۆخەی کەوا بۆی دروست دەکرێت لە ناو تیپەکەدا، هاندانیەتی لەلایەن دەوروبەر و هاوڕێ یاریزانەکان و ڕاهێنەرەوە.

*** ئایا وەك تیپەکانی کچان ئەم یارییە قۆناغی باشی بڕیوە ؟**

-بە ڕادەیەکی باش دەبینرێت کە هەوڵێکی **باش** هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی یاریی باڵە و یارییەکانی دیکەی وەرزشی، زۆربەی یانەکانیش هەمیشە پشتگیری یاریزانان و ڕاهێنەرەکان بوون و بەردەوام هاوکاری یەکتریان کردوە لەگەڵ یانەکان.

*** هیوا و ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بەهیوای ئەوەم وەرزش لەم وڵاتەدا بەم ئاستە لاوازە نەمێنێتەوە کە ئێستا هەیە، هیوای بەرەوپێشچوونی زیاتر ناساندنی وەرزش دەخوازم، ڕێگری نەکرێت لە کچان و خێزان و کۆمەڵگە پشتگیریی کچەکانیان بکەن، بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

-شتی زۆر لە بەرنامەدا هەیە، بەڵام بەرنامەی سەرەکیم بەدەستهێنانی بڕوانامەی دادوەریی تۆپی پێیە، دواتر هەنگاو بۆ بەدەستهێنانی کاری باشتر، مەبەستی سەرەکیم لە وەرزش خزمەتکردنی ئەو بوارەیە لە کوردستان.

***ئایا خەون بە هەڵبژاردەی کوردستان دەبینیت؟**

-بێگومان هەموو یاریزانەکان لە هەموو یارییەکدا ئەو هیواو و ئاواتەیان هەیە، بە هیواین ڕۆژێك وەرزشیی کوردستان بە پشتبەستن بە یاریزانی ناوەخۆ، بگاتە ئەو ئاستەی هەڵبژاردەی خۆی هەبێت،.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی؟**

- Wilfredo León.

*** هیچ گرێبەستێکت لە یانەکانی دیکە پێشکەش کراوە؟**

- نەخێر.

*** کۆمەڵگە تا چەند پشتگیری کچانی وەرزشکار دەکات؟**

- ئەوەی هەیە شتێکی کەمە، بەهۆی زۆریی بەرەوپێش نەچوونی وەرزش، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پشتگیری و خولیای کۆمەڵگە بۆ وەرزش زیاتر دەبێت، کە ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە.

*** پەیامت چیە بۆ بەرپرسانی وەرزشی؟**

- هیوادارم ئاورێك لە وەرزش و یاریزانان و ڕاهێنەران بدەنەوە، تا بەم شێوازەی ئێستا بەردەوام نەبن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان، کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان.



# سەرهەنگ موحسین ئەم وەرزەش لە بەغدا دەبێت

دوای ئەوەی لە وەرزی ڕابردووی خولی نایابی یانەکانی عێراقی (سەرهەنگ موحسین) گۆڵپارێزی پێشووی یانەی هەولێر و ئێستای یانەی ئەمانەی شاری بەغداد، توانیی لەگەڵ یانەکەی شاری بەغداد ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، چەندین یانەی دیکەی شارەکانی عێراقی چاویان لەوە بوو کە ئەم گۆڵپارێزە کوردە پەلکێشی ڕیزی تیپەکانیان بکەن، بەڵام دواجار یانەی ئەمانە بۆ ساڵێکی دیکەش گرێبەستی لەگەڵدا نوێی کردەوە، لەم بارەشەوە سەرهەنگ موحسین گۆڵپارێزی کورد، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەرزی ڕابردوو بۆ من زێرین بوو، یانەکەش بە گشتی بۆ من زۆر لە بارە، ئیدارەی یانەی ئەمانە لە هەوڵی ئەوەدان کە تیپەکە بۆ کێبڕکێ ڕێکبخەونەوە، کە ئەوەش بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم پەرۆشتری کردم،» لە بارەی هۆکاری ئاست بەرزیی وەرزی ڕابردووش، سەرهەنگ دەڵێت: «پاش پشتبەستن بە خودا، مەشقی بە کۆمەڵ و مەشقی تاکە کەسیشم دەکرد، هەروەها ڕێکخستنی خەو و خۆراك و پابەند بوونم بە ڕێنماییەکان بەرێژەیەکی باش، هاوشان لەگەڵ ئەوەش نابێ ڕۆڵی ڕاگەیاندن و هاندەرانیش لە بیر بکەم، کە پاڵپشتییەکی تەواو بوون لەم ڕووە و، هەفتانە بارگاوییان دەکردمەوە»، لەبارەی هەبوونی گرێبەست لە کوردستانیش سەرهەنگ گوتی: «لە نێوان قۆناغەکانی وەرزی ڕابردوودا یانەیەك لە ڕێگەی بەرپرسی کارەکانم (ئیبراهیم) داوای کردم، بەڵام ڕەتم کردەوە، لەگەڵ ئەمانە قۆناغی دووەمیشم تەواو کرد، هاندەرانیش زۆر بە باشی بەکاری خۆیان هەڵساون، سوپاسیان دەکەم، منیش بەڵێنیان پێ دەدەم کە پشت بەخودا هەر جێگای متمانەیان دەبم»، لەبارەی گەڕانەوە بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقیش گوتی: «ئەوە لە هەوڵە بەردەوامەکانی منە، دڵخۆشم کە توانیم دڵی زۆربەی جەماوەر، بۆ شایان بوون و چوونە لیستی هەڵبژاردەی عێراق بەدەست بهێنم، سەبارەت بە وەرگیرانم هیوادارم حەق سەروەر بێت».

# ڕەنگە یانەی هەڵۆ بەشداری لە خولی نایابی کوردستاندا نەکات

هەر چەندە تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵۆی دەڤەری بارزان، کە تاکە یانەی دەڤەرەکەیە، وەرزی ڕابردوو شان بە شانی یانەکانی کوردستان بەشداریی لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستاندا کرد، بەڵام بۆ وەرزی نوێی خولەکە کە بڕیارە لە ئایندەدا یارییەکانی دەست پێ بکاتەوە، تاکە یانەکەی دەڤەری بارزان بە ئەگەرێکی زۆرەوە بڕیاری ئەوەی داوە، کە بەشداریی یارییەکانی وەرزی نوێی خولەکە نەکات، هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی توانای دارایی دەگەڕێتەوە، کە یانەکە وەکو پێویست پارەی تەواوی لەبەردەستدا نییە، لەم بارەشەوە ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تائێستا بەرنامە و پلانی ئێمە لە یانەی هەڵۆ ئەوەیە کە بەشداری لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولەکە نەکەین، وەرزی نوێی ئەمساڵ لەگەڵ وەرزی ڕابردوو جیاوازە، بارودۆخی دارایی یانەکەمان زۆر خراپە، نزیکەی ٢٧ملیۆن دینار قەرزارین و دەمانەوێت کەم کەم پارەکە بدەینەوە، ئەم ساڵیش خولی کوردستان دوو وەرزە، ئەوەش پارەیەکی زۆری دەوێت و کەسیش هاوکاریی ئێمەی نەکردووە، خولی کوردستان پارە و یاریزانی دەوێ»، لە بارەی یاریزانەکانیش سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ گوتی: «زۆربەی یاریزانانی یانەکە ڕیزی تیپەکەیان جێهێشتووە و تەنیا چەند یاریزانێك ماوە ئەوەیش ژمارەیان کەمە، بۆیە بەم بارودۆخە سەختەی تیپەکەمانەوە ناتوانین بەشداریی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکەین، هەرچەندە لە خولی پلە یەکیش سەرکەوتووین و هیچ بڕە پارەیەکەمان وەرنەگرتووە نە لە بەرپرسان نە لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، ئەگەر هاوکارییش بکرێن، ئەوکات قسەی ترمان دەبێت و دەتوانین تیپەمان کۆ بکەینەوە.



# یانەی هەولێر
# پشت بە ڕاهێنەرێکی کورد دەبەستێت



دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی وەرزی نوێ لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، جارێکی دیکە متماتەی بەخشیەوە بە ڕاهێنەری کوردی شاری هەولێر (دکتۆر تەها قادر) بۆ سەرپەرشتیکردنی خولی عێراقی، ئەمەش لە دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو یەکێتیی تۆپی پێی عێراقی (لوئەی سەڵاح)ی ڕاهێنەری یانەی هەولێری سزادا، بە هۆی ڕەوشتی دوور لە گیانی وەرزشی، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بڕیاریدا دکتۆر تەها سەرپەرشتی مەشقی یانەکە بکات تاکو کۆتایی خولەکە، دکتۆر تەها ڕاهێنەریش توانی تیپێکی تۆکمە و بەهێز بۆ یانەی هەولێر دروست بکات و، بەم یاریزانانەش ئەنجامی شایستەی لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی بەدەست هێنا، بۆیە دوای چەند کۆبوونەوەیەك کارگێڕیی یانەکە بەفەرمی بڕیاریدا ڕاهێنەرێکی بە ئەزموونی شاری هەولێر و کوڕی یانەکە بکاتە سەرپەرشتیاری مەشقی یانەکە، بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەڵێك یاریزانی کوردی شارەکە سەربخات و، یانەی هەولێریش لە گشت ڕوویەکەوە بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئامادە بکات، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر دکتۆر تەهای سەرپشك کردووە بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانان و ستافی ڕاهێنەران، بۆ ئەوەی بتوانێت پێکهاتەیەکی تۆکمە دروست بکات. وەرزی ڕابردوو هەولێر لەسەر دەستی ئەو ڕاهێنەرە کوردە، لە یارییەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی کورد لە نێو یاریگا یارییان کردووە.